

# نۆبێل



ن: مەریوان نستانی

**"دایناميێتەکەی منیش بە زووی دنیا بەرەوە ئاشتی دەبا، وەکو هەزاران پەیمان نامەی ئاشتی لە جیهاندا. بەزوویی پیاوەکان ئەوکاتە دەبینن، دەتوانرێ هەموو سوپاکان بەتەواوی لەنێوبچن، بە دڵنیایی‌یەوە ئەوان ئاشتی لە دنیادا ڕادەگرن."**

ئالفرێد نۆبڵ.

هەموو ساڵی لە ڕۆژی ١٠ی مانگی دیسامبر دا خەڵاتەکانی نۆبڵ دابەش دەکرێن، ئەوەی کە زۆر لە نێو ئێمەی کورد دا بڵاوە خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی‌یە ئایا هۆکارەکانی چین و بۆچی ئێمە زیاتر لە ئاشتی‌یەوە بە نۆبڵ ئاشنابووین لەوانەیە لێکدانەوەی زۆری لەسەر بێ، بۆ یەکەمجار من کە گوێم لە خەڵات و ناوی نۆبڵ بوو ئەوکاتە بوو کە وتیان ڕێبەری مەزنی گەلەکەمان د.قاسملوو کاندیدای خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ کراوە، بۆ ئەوەی زیاتر لە چی‌یەتی و چۆنێتی ئەو خەڵاتە و کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بەم خەڵاتەوە ئاگاداربین هەوڵدەدەم بەکورتی چەند زانیاری‌یەک بخەمە بەردەست و دیدی ئێوە خوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤاری لاوان.

ئالفرێد نۆبڵ:

ئالفرێد نۆبڵ پیاوێکی داهێنەر و زانا لەهەمان کاتدا بازرگانێکی زۆر دەوڵەمەندیش بووە و بەهۆی خەڵاتەکانیشیەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش لە بیر و هۆشی هەموو گەلانی دنیادا بە زیندوویی ماوەتەوە، لە ساڵی ١٨٣٣ لە شاری ستۆکهۆڵم پایتەختی وڵاتی سوئێد لە دایک بووە، دایک و باوکی لە بنەماڵەی گەورەی ئۆلۆف ڕودبێک ەوە هاتوون و کە بنەماڵەیەکی زۆ بەنێوبانگ بوون لەبواری کاری تێکنیکی و زانستیدا، لە سەدەی حەڤدەهەم دا ئەوان وەکو هێزێکی گەورە لە باکوری ئەوروپادا دەژمێردران.
لە ساڵی ١٨٦٦ دا نۆبڵ داینامێتی داهێنا و بەدوای ئەو داهێنانەیدا لە ٢٠ وڵاتی جیهاندا تاقیگا و کۆمپانیای کردنەوە و بەم شێوەیە بوو یەکێک لە پیاوە زۆر دەوڵەمەندەکانی سەردەمی خۆی لە جیهاندا، لە ١٧ی نۆڤێمبری ساڵی ١٨٩٥ دا ئالفرێد نۆبڵ لە پاریس وەسیەت نامەکەی خۆی نووسی و ئیمزای کرد، بەڵام بەبێ یارمەتی پارێزەر و یارمەتیدەر ئەو بەتەنها بۆخۆی و چوار شاهید لە ئەنجومەنی سوئێد و نۆروێژ وەسیەت نامەکەی تەنها لە یەک لاپەڕەدا نووسی و ڕاگنەر سۆلمان و ڕۆدۆڵف لیلیکویست ی کردنە چاودێری جێبەجێ کردنی وەسیەتنامەکەی کە هەردووکیان ئەندازیار بوون و یارمەتیدەری ئالفرێد نۆبڵ بوون.

هەرچەندە نۆبڵ پیاوێکی زیرەک و زانا لەهەمان کاتیشدا زۆر دەوڵەمەند بوو بەڵام خاوەنی بنەماڵەیەک نەبوو بۆخۆی کە سەروەت و سامانەکەی بۆ بەجێ بهێڵێ هەربۆیەش بیری لەوە کردەوە کە بەشێکی سەروەت و سامانەکەی بدا بە خزم و دۆست و ناسیاوەکانی و بەشی هەرەگەورەی سامانەکەشی تەرخان بکا بۆ خەڵاتێکی ساڵانە بۆ ئەو کەسانەی کە لەبوارەکانی خزمەت کردن بە زانست و مرۆڤایەتیدا کاری گەورە و داهێنان و دۆزینەوەی بەسود دێننە ئاراوە و لەڕاستیدا بەشی گەورەی سەرمایەکەی بۆ خزمەت بە زانست و مرۆڤایەتی تەرخانکرد.

لە وەسیەت نامەکەیدا داوای کردبوو کە ئەنجومەنێک بۆ خەڵاتی نۆبڵ دابمەزرێ ، ئالفرێد نۆبڵ لە ڕۆژی ١٠ ی دیسامبری ساڵی ١٨٩٦ و لە تەمەنی ٦٣ ساڵی دا لە ماڵەکەی خۆیدا بەهۆی سەکتەی مێشکەوە (لە هێندێک سەرچاوەدا نووسراوە بە هۆی سەکتەی دڵەوە) لە سانڕیمۆ ی ئیتالیا کۆچی دوایی کرد، پێنج ڕۆژ دوای کۆچیدوایی نۆبڵ نیوەرۆکی وەسیەت نامەکەی ئاشکرا کرا، ئەمەی خوارەوە بەشێک لە وەسیەت نامەکەیەتی:

" ..... سەرجەم هەموو ئەو پارەیەی دەمێنێتەوە دەبێ بەم شێوەیە دابەش بکرێ: بەشێوەیەکی ئەمین لە لایەن هەڵگرانی وەسیەت نامەکەوە سەرمایەگوزاری پێبکرێ و ببێتە سەرمایەیەکی جێگیر و ساڵانە قازانجەکەی بەشێوەی خەلاتێک بەسەر ئەو کەسانەدا دابەش بکرێ کە لەماوەی ئەو ساڵەدا گەورەترین خزمەتیان بە مرۆڤایەتی کردووە، هەروەها دەبێ سەرجەمی ئەو قازانجە بکرێتە پێنج بەشی وەک یەک.

بەشێک بدرێ بەو کەسەی کە گەورەترین داهێنان و یان دۆزینەوەی لەبواری فیزیک دا هێناوەتە ئاراوە، بەشیک بدرێ بەو کەسەی کە گەورەترین داهێنان، گەشەپێدان یان دۆزینەوەی لەبواری کیمیادا هێناوەتە ئاراوە، بەشێک بدرێ بەو کەسەی گەورەترین داهێنان یان خزمەتی کردووە لە بوارەکانی پزیشکی و فیزیۆلۆژی دا، بەشێکی بدرێ بەو کەسەی لەبواری ئەدەب و بیر و هۆشدا گەورەترین کاری ئەنجامدابێ هەروەها دوابەش بدرێ بەوکەسەی کە باشترین هەوڵی داوە بۆ ئاشتی لەنێوان گەلان، هەوڵی داوە سوپاکان لەبەرامبەر یەکدا ڕانەوەستن و هەوڵی لێبوردەیی داوە و هەوڵیان داوە کۆنفرانس و کۆنگرە بۆ ئاشتی پێک بێنن.

**وەسیەتنامەی ئالفرێد نۆبڵ.**



det utmärktaste i idealisk rigtning; och en del åt den
som har verkat mest eller bäst för folkens förbrödrande
och afskaffande eller minskning af stående armeer
samt bildande och spridande af fredskongresser.
Prisen för fysik och kemi utdelas af Svenska Veten-
skapsakademien; för fysiologiska eller medicinska
arbeten af Carolinska Institutet i Stockholm; för lite-
ratur af Akademien i Stockholm samt för fredsför-
fäktare af ett utskott af fem personer som väljes
af Norska Stortinget. Det är min uttryckliga
vilja att vid prisutdelningarne intet afseende
fästes vid någon slags nationalitetstillhörighet
sålunda att den värdigaste erhåller priset an-
tingen han är Skandinav eller ej.
Till Exekutorer af denna mina testamentariska

realisérbara
Öfver hela min återstående förmögenhet förfogas
på följande sätt: Kapitalet, af utredningsmännen
realiseradt till säkra värdepapper, skall utgöra en
fond hvars ränta årligen utdelas som prisbelöning
åt dem som under det förlupna året hafva gjort mensk-
ligheten den största nytta. Räntan delas i fem lika
delar som tillfalla: en del den som inom fysikens
område har gjort den vigtigaste upptäckt eller uppfinning;
en del den som har gjort den vigtigaste kemiska
upptäckt eller förbättring; en del den som har gjort den
vigtigaste upptäckt inom fysiologiens eller medicinens
domän; en del den som inom literaturen har producerat

خەڵاتەکانی فیزیک و کیمیا لە لایەن ئاکادیمای زانستی سوئێدیەوە دابەش دەکرێن و خەڵاتی بوارەکانی پزیشکی لە کارۆلینسکا ئەنستیتۆی ستۆکهۆڵم دا دابەش دەکرێن، هەروەها خەڵاتی ئەدەبی لە ئەکادیمای ستۆکهۆڵم دا دابەش دەکرێ، هەروەها خەڵاتی ئاشتی لە لایەن کۆمیتەیەکی پێنج کەسی‌یەوە دابەش دەکرێ کە لە لایەن پارلەمانی نۆروێژیەوە هەڵدەبژێردرێن، داوا و هیوای من ئەوەیە لە دابەش کردنی خەڵاتەکاندا ئەوە لەبەر چاونەگیرێ کە کاندیداکان سەر بە چ نەتەوەیەکن، بەڵکو تەنها ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کێ لەهەمووان شیاوترە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە. نابێ ئەوە گرینگ بێ ئەوکەسە خەڵکی وڵاتانی سکاندناڤی‌یە یان نا."(١)
ئایا بۆچی ئالفرێد نۆبڵ خەڵاتەکانی بۆ ئەم بوارانە تەرخانکرد، وەڵامەکەی لە وەسیەتنامەکدا نی‌یە، بەڵام بەسەرنج دان لەژیانی ئالفرێد نۆبڵ بۆمان دەردەکەوێ کە بۆخۆی وەکو داهێنەرێک زانیاری لە بوارەکانی فیزیک، کیمیا دا هەبووە و هەروەها گرینگی زۆری داوە بە بوارەکانی پزیشکی و فیزیۆلۆژی و هەستی بە گرینگی ئەم زانستانە لە ژیانی مرۆڤایەتی دا کردووە، لە ساڵی ١٨٩٠ تاقیگایەکی لەدەرەوەی شاری پاریس دروست کرد بۆ ئەوەی گرینگی بە لێکۆڵینەوەی نەخۆشیەکانی خوێن و گوێزتنەوەی خوێن بدا.
دیارکردنی خەڵات بۆ ئەدەب و بەرهەمەکانی بیری مرۆڤ لەوانەیە لەوە سەرچاوەی گرتبێ کە کۆڕەکەی زۆر ئارەزووی لە نووسین و ئەدەبیات بوو و زۆر لە ژێرکاریگەری لۆرد بایرۆن و پۆلیت تشارلی دابووە، سەبارەت بە ئاشتی نۆبڵ هەمیشە ویستوویەتی لە جیهانێک دابژی کە پڕبێ لە ئاشتی و ئارامی، هەربۆیەش لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە بوارەکانی هێنانە دی ئاشتی دا چالاک بوون دۆستایەتی کردووە و ڕێزی زۆری لێگرتوون، بۆ نموونە باختەر و سۆتنەر کە لە ماوەیەکی کورتی ژیانی‌دا زۆر لێیان نزیک بووە و کاریگەری زۆر گەورەیان لەسەر نۆبڵ هەبووە.
ئەو ناوەندانەی کە نۆبڵ لەوەسیەتنامەکەی دا دیاری کردبوون بۆ ئەوەی خەڵاتەکان دابەش بکەن لەسەرەتا ئامادەنەبوون دابەشکردنی خەڵاتەکان وەئەستۆ بگرن، چونکە نۆبڵ لە وەسیەتنامەکەی دا ئاماژەی بەوە نەکردبوو کە چۆن و لەسەر چ بنەمایەک خەڵاتەکان دابەش بکرێن، هەروەها وەسیەتنامەکەی نۆبڵ لەبواری یاسایی‌یەوە گرفتی هەبوو و باوەڕپێکراونەبوو هەتا ڕاگنەر و ڕۆدۆلف پێکەوە نامەیەکیان بۆ دەوڵەتی سوئێد نووسی لە (٢١,٠٥,١٨٩٧) و لە دوای ئەوەی کە پشتیوانی یاسایی



ڕۆدۆڵف لیلیکویست



ڕاگنەر سالمۆن

لێکرا، ناوەندەکانیش یەک بەدوای یەکدا ئەو داوایەی لە وەسیەتنامەکەی نۆبڵ دا هاتبوو قبوڵیان کرد بێجگە لە ئاکادیمیای شاهانشاهی بۆ زانست، کە دوای ماوەیەکی زۆر ڕازی بوو ببێتە یەکێک لە ناوەندەکانی دابەشکردنی خەڵاتی نۆبڵ.

لەسەرەتا کێشەی زۆر لە نێوان میراتگرانی نۆبڵ و ڕاگنەر و ڕۆدۆڵف دا هەبوو بەڵام بەدوای ئەوەدا کە وەسیەت نامەکە کەوتە بواری کارپێکردنەوە، خزم و ناسیاوەکانی نۆبڵ لەگەڵ ڕاگنەر و ڕۆدۆڵف دا کەوتنە گفتووگۆ و لە سەرەتای مانگی شەشی ساڵی ١٨٩٨ دا گەیشتنە ڕێککەوتنێک و لە ٠٩,٠٩,١٨٩٩ دا وردەکاریەکانی دامەزراندنی بونیادی (Foundation) نۆبڵ تەواوبوون.

بونیادی نۆبڵ (The Nobel Foundation).

NOBELSTIFTELSEN
The Nobel Foundation

بونیادی نۆبڵ بریتی‌یە لە دامەزراوەیەکی تایبەتی و نا حکومی لەسەر داوای وەسیەتنامەکەی ئالفرێد نۆبڵ لە ساڵی ١٩٠٠ دا دامەزراوە، کارەکانی بریتین لە

بەڕێوەبردن و دابەشکردنی خەڵاتەکانی نۆبڵ لە بوارەکانی، فیزیک، کیمیا، پزیشکی و فیزیۆلۆجی، ئەدەب و ئاشتی دا.

نوێنەرایەتی بونیادی نۆبڵ دەکا لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتی‌یەکاندا، هەروەها ئەو چالاکیانە ڕێکدەخا و بەڕێوەیان دەبا کە بۆ ناساندن و دابەشکردنی خەڵاتەکانی نۆبڵ تەرخاندەکرێن و بە نوینەرایەتی بونیادی نۆبڵ بەشداری دەکا لە بەرنامەدانان، داڕشتن و شیوازی دابەشکردنی خەڵات لە بوارەجۆراوجۆرەکانی دیکەدا.




**ئەمە بەرگی دەرەوەی ئەو دیپلۆمەیە کە ڕۆی ج. لەبواری فیزیک دا ئەمساڵ وەریگرتووە.**

لە ١٠ی دیسامبری ساڵی ١٩٠١ دا پێنج ساڵ دوای مردنی ئالفرێد نۆبڵ، بۆ یەکەم جار خەڵاتەکانی نۆبڵ لە ستۆکهۆڵم و لە ئۆسلۆ دا دابەشکران و بەم شێوەیە تا ئێستاش ساڵانە دابەش کردنی ئەم خەڵاتە بەردەوامە و جگەلەوەی کە ناوی نۆبڵ ی بۆ هەمیشە بەزیندووی ڕاگرتووە، بۆتە هۆی ئەوەی کە وڵاتی سوئێدیش لە دنیادا شانازی پێوەبکا.

پێکهاتەی خەڵاتی نۆبڵ، هەرخەڵاتێک لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێ، کە بریتین لە دیپلۆمە، میداڵ و بڕێک پارە، بەکورتی باسی هەریەکەیان دەکەم.

دیپلۆمە:

بەشێوەی کارتێک دروست دەکرێ و هەر ساڵەی کۆمپانیا یە چەند هونەرمەندێک نەخشەکەی دادەڕێژن، بەڵام هەموو ساڵی هەر یەک تێکستی تێدا دەنووسرێ جگە لە گۆڕینی ناوی وەرگر یان وەرگرانی خەڵاتەکە و ساڵ و بڕی پارەی خەڵاتەکە بە زمانەکانی سوئێدی و نۆروێژی، لەسەریان دەنووسرێ، بەڵام پێویستە ئەوەبزانین کە لە نۆروێژ بڕی پارەی خەڵاتەکە لەسەر دیپلۆمەکە نانووسن.

میداڵ:

بریتییە لە میداڵێکی زێڕین کە لەلایەن پاشاوە دابەش دەکرێ، وێنەیەکی ئالفرێد نۆبڵ لە ڕوویەکی دا بەشێوەیەکی بەرجەستە هەیە، لە ڕووەکەی دیکەدا بەگوێرەی جیاوازی بەشەکانی خەڵاتەکە هێمایەکی تایبەتی لەسەر نەخشێنراوە.



**ڕوویەکی میداڵەکە، کە لە هەموو میداڵەکاندا وەک یەکە.**







هەردوو ڕووی میداڵی ئەدەب.

هەردوو ڕووی میداڵی ئاشتی.




هەردوو ڕووی میداڵی فیزیک و کیمیا.




هەردوو ڕووی میداڵی فیزیۆلۆژی و پزیشکی.

<table>
<tr><th colspan="2">یەکەم ئەو کەسانەی کە لە ساڵی ١٩٠١ دا خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرتووە.</th></tr>
<tr><td>فیزیک<br><br>ویلیام کۆنراد رۆنتگن. (ئاڵمانی)<br>بۆ یەکەم جار تیشکی ئێکسی دۆزیەوە.</td><td>کیمیا<br><br>یاکوبوس هێنریکوس ڤانت هوف<br>زانکۆی بێرلین / ئاڵمان<br>یاساکانی کیمای داینامیکی و پەستانی ئۆزمۆتیکی سەر شلەکانی دۆزیەوە.</td></tr>
<tr><td>ئاشتی<br>وەرگرانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی دووکەس بوون کە بریتی بوون لە:<br><br>جان هێنری دونانت / سویس<br>رێکخراوی خاچی سوری پێکهێنا، هەروەها پەیماننامەی ژنێفی رێکخستووە.</td><td><br>فرێدریک پاسی/ فەرانسە<br>یەکەم سەرکۆماری ئاشتیخوازی فەرانسە و پێکهێنەری کۆمەڵگای ئاشتی.<br>(Société française pour l'arbitrage entre nations)</td></tr>
<tr><td colspan="2"></td></tr>
</table>

<table dir="rtl">
<tr><td colspan="2">ئەو کەسایەتییانەی خەڵاتەکانی نۆبڵیان بۆ ساڵی ٢٠٠٥ وەرگرتووە.<br>ئەم ساڵیش وەکوو ساڵانی ڕابردوو مەراسیمەکانی دابەشکردنی خەڵاتەکانی نۆبڵ لە ١٠. دیسامبر دا دەستیان پێکرد و وەرگرانی خەڵاتەکان بەم شێوەیە بوون</td></tr>
<tr><td>فیزیک<br>وەرگرانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ فیزیک سێکەس بوون کە بریتی بوون لە:<br><br>ڕۆی ج. گلاوبێر / ئامریکا<br>نیوەی خەڵاتەکەی وەرگرتووە، لە پاداشتی بەشداری کردنی لە بیردۆزی کوانتۆم بۆ بینراوەکان.</td><td><br>جۆن ل. هاڵ/ ئامریکا<br>¼ ی خەڵاتەکەی وەرگرتووە لە پاداشتی بەشداریکردنی لە گەشەپێدانی دیققەتی بینایی گورزەکان  کە لەسەر تیشکی لەیزەر کاردەکەن.<br>(development of laser-based precision spectroscopy).</td></tr>
<tr><td><br>تیۆدۆر وو. هێنچ. / ئاڵمان<br>¼ ی خەڵاتەکەی وەرگرتووە لە پاداشتی بەشداریکردنی لە گەشەپێدانی دیققەتی بینایی گورزەکان کە لەسەر تیشکی لەیزەر کاردەکەن. (development of laser-based precision spectroscopy).</td><td>کیمیا<br><br>ئیڤێس چاوڤین<br>٣/١ ی خەڵاتەکەی وەرگرتووە، لە پاداشتی گەشەپێدانی ڕێگای</td></tr>
</table>

| | |
|---|---|
| پزیشکی<br><br>باری ج. مارشاڵ<br>½ ی خەڵاتەکەی وەرگرتووە لە پاداشتی دۆزینەوەی بەکتریایەک بە ناوی (*Helicobacter pylori*) و ڕۆڵی ئەم بەکتریایە لە نەخۆشیەکانی گەدە و برینی گەدە. | <br>ج. ڕۆبین وارین<br>½ ی خەڵاتەکەی وەرگرتووە لە پاداشتی دۆزینەوەی بەکتریایەک بە ناوی (Helicobacter pylor*i*) و ڕۆڵی ئەم بەکتریایە لە نەخۆشیەکانی گەدە و برینی گەدە. |
| ئەدەب<br><br>هارۆلد پینتەر<br>لە پاداشتی نووسینەکانی دا کە پەردە لەسەر هەورازو نشێوەکانی زۆربڵێی، هەروەها لەدەرگا داخراوەکانی ستەم دەداتەوە. | ڕێکخراوی نیونەتەوەی چەکە کۆمەڵ کوژەکان.<br>½ ی خەڵاتەکەی وەرگرتووە. لە پاداشتی هەوڵەکانی ئەم ڕێکخراوەدا بۆ هێنانە ئارای دنیایەکی ئارام و بێ شەڕ و کێشە. |



محمد ئەلبەرادعی / میسر
½ ی خەڵاتەکەی وەرگرتووە. لە پاداشتی هەوڵەکانی ئەم ڕێکخراوەدا بۆ هێنانە ئارای دنیایەکی ئارام و بێ شەڕ و کێشە.

بڕی پارەکە:
بڕی ئەو پارەیەی کە دەدرێ بە وەرگرانی خەڵاتەکان، جێگیرنی‌یە، چونکە بەگوێرەی قازانجی دامودەزگاکانی نۆبڵ دیاری دەکرێ، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو لەساڵی ١٩٢٣ ەوە زیادی کردووە، ئەوکات خەڵاتێک بریتی بووە لە ١١٤,٩٣٥ کرۆنی سوئێدی، بەڵام هەریەک لە خەڵاتەکانی ئەمساڵ ٢٠٠٥ بریتی بوون لە ١٠,٠٠٠,٠٠٠ دە ملیۆن کرۆنی سوئێدی.
.....

(١) لە دەقی وەسیەتنامەی ئالفرێد نۆبڵەوە وەرگێردراوەتە سەرزمانی کوردی، بەڵام وەرگێرانێکی وشە وشە بە وشەم نەکردووە و هەوڵم داوە مەفهوومەکەی بکەمە کوردی.
(٢) هەوڵم داوە زۆر بەکورتی زانیاریەکان بخەمە بەردەستی ئێوە، ئەگەرنا ئەوەی لەسەر ئالفرێد نۆبڵ نووسراوە و گوتراوە و ئەوەی بۆی کراوە، دەبێ لە زنجیرە کتێبێک دا بنووسرێتەوە.

**سەرچاوەکان:**
١. http://www.lucidcafe.com/library/٩٥oct/alfnobel.html
٢. http://nobelprize.org
٣. http://nobel.no
٤. Alfred Nobel (Hardcover) by Kenne Fant